**ماڵدیف**



لانه ئاسۆ

تەنها بەخەیاڵی کەناری (***ماڵدیڤ*** )ەوە ئەم شیعرەم نووسیوە

لە ماڵدیف بوو
کە فێری زمانی عشق بووین،
هەر لەوێ بوو
نۆبەرەی عیشقمان یەکەم هاواری
ئەوینی کرد.
لە ماڵدیف بوو
یەکم ژووانمان
کە بڕیارماندا
شەپۆلەکان بکەینە
شایەتحاڵ و
ئەستێرەکان بە
چرای ماڵ.
هەر لەوێ بوو
گەشتێکمان
بەپشتی ماسێکان کرد و
ئاشنابووین
بە ئۆقیانووس و
عیشقمان ڕەنگ کرد
بە شینی ئەو
لە ماڵدیف بوو....لەوێش دەبێت نۆبەرەمان
ئازیزەکەم.